www.kurdistannet.org
19-3-2003 22:52

# با تایبەتمەندی ئابووری کوردستان ... لە پێناوی بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری عیراقی ئاینده دا بێت

نەوزاد ڕەجەب بۆتانی

لەگەل نزیك بونەوەی هەلگیرساندنی شەر لە نێوان عیراق و وولاتەیە کگرتوەکانی ئەمریکا بیرو بۆچونی هەمە لایەن دێتە ئاراوە لەسەر ئایندەی عیراق و باروذۆخی ناوچەکە . ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێ تا ئیستا زۆربەی لیّك دانەوەکان زیاتر لایەنی عەسکەری دەخاتە سەر ڕووداوەکان و باس لە چۆنیەتی شەرەکە دەکەن لەگەل گەلالە کردنی ئەگەرەکان چ لەسەر ئاستی جیهان و چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ناوچەی رۆژ هەلات بەگشتی . !! بەلام ئەوەی گرنگە کە بە هێمنی و ووردی باسی لیّوە بکرێت لایەنی ئابوورییە کە شەرەکە ناوەرۆکەکەی لە پێناوی ئەم لایەنە گرنگیەیە کە رۆژ لە دوای رۆژ پەیتا پەیتا پلانەکانی ئەمەریکا وهەنگاوەکانی داهاتووی بە شێوازی جیا جیا روونی دەکاتەوە . !!

بۆ نمونە لە کاتێك دا باس لە کولفەی ئەم شەرە مەترسی دارە دەکرێت کە خۆی لە زیاتر لە ۲۰۰ ملیار دۆلار دەدات ئەمریکا ئێستا دەستی کردووە بە بانگهێشە کردنی گەورە کۆمپانیا کانی خۆی و دەیەوێ بۆندیان لەگەل ببەستێ بۆ دووبارە بنیات نانی ژێر خانی ئابووری عیراق لە دا هاتوودا . !! وە لە لایەکی ترەوەش وا مەزندە دەکرێت کە ئەمریکا لە کاتی بەرێوەبردنی عێراق دراوی ( دۆلار) بکاتە دراوێکی سەرەکی بۆ هەموو عێراق لە جیاتی دیناری عێراقی . !!

بێگومان ئەگەر ئەم هەوالانە راست بن زۆر پرسیار دێتە ئاراستەکردن. . . . . لەم بارەیەوە.

لەوانە : ـ

ئایا چۆن چارەسەری تایبەتمەندی باری دراو لە کوردستان دەکرێت ؟!

ئایا چۆن جیاوازی نێوان بەهای دینار بە هەردوو جۆریەوە چارەسەر دەکرێت ؟!

ئایا لەسەر چ بنەمایەك بەهای دۆلار دەست نیشان دەکرێت ؟!

ئایا ئەگەر دراوی عێراقی نوێ چاپ بکرێت بەهایەکەی چۆن دەست نیشان دەکرێت بەرامبەر بە دۆلار و دیناری چاپ و ئەسلّی ؟!

ئایا گەلی کورد لەم گۆرانکاریانەدا مامەلّەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێت لە رووی دراوەوە ؟!

چونکە گەلی عێراق بە گشتی وە گەلی کورد بە تایبەتی دەبێ رۆلّی خۆی پێبدرێ وە ئاشکرایە ئێمەی کورد ئەزمونێکی بە هێزمان هەیە چ لە باری دراوەوە وە چ لە باری دووبارە بنیات نانی ژێر خانی ئابووری کوردستان لە ماوەی (۱۲) ســـــالّی رابردوودا وە هەموو ئاژانسەکانی ( UN) شایەدی ئەم راستیەن کە کورد توانیویەتی بە رێگای بریاری (۹۸٦) پرۆژەکان بە باشترین شێوە بە رێوە ببات هەرچەندە ئیدارەی کوردی راستەو خۆ لەناو بریاری (۹۸٦) دا رۆلّی نەدراوەتێ و سەر پەرشتی جێ بەجێ ی راستــەوخۆی بریـــارە کەش ناکات . !! وە نەشی ویستووە تا ئێستا دراوێك چاپ بکات چونکە پا بەندی لایەنی یاسایی عێراقی بووە . !!

هەروەها پێویستە ئەو لیژنانەی کە لە کۆتایی کۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیونی عیراقی لە سەلاحەدین پیکهێنرا بە تایبەتی لیژنەی ئابووری رۆلی خۆی بنوێنێ لە هێنانە دی هێزێکی ئابووری تا بتوانی لەگەل کۆمپانیاکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەماهەنگی بکەن بۆ دووبارە بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری عیراق وسوود لە یەکتری وەرگرن وە باری دراویش لە عێراقدا بە شێوەیەك چارەسەر بکرێت لە بەرژەوەندی گەلانی عێراقدا بێت بە تایبەتی گەلی کوردستان کە باری دراوی تایبەتی بەخۆوە گرتووە وە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەلّ ناوچەکانی تری عێراق، هەرچەندە کوردستان ئامادەیە لە رووی دراوەوە بۆ هەرگۆرانکارییەك ئەگەر رووبدات بەلاّم دەبێ گۆرانکارییەکەش بەکەم ترین زەرەر بشکێتەوە سەر باری دراو لە کوردستاندا . !!

وە ئەم هێزە ئابووریە دەکرێ لە واقعی ئابووری ئەمرۆی کورستان سوودی لێ وەربگیرێ چونکە سەدەها کۆمپانیامان هەیەلە کوردستان وە ئەمە (۱۲) سالّە بەردەوامە لە کارکردن لە ژێر سیاسەتی بازاری ئازاد کە جیاوازی هەیە لەگەل ناوچەکانی تری عیراق کە تا

ئیستاش دوورن لە سیاسەتی بازاری ئازاد وە بە شێوەیەکی مەرکەزی چاودێری دەکرێن لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی عێراقدا چ لە رووی بازرگانیەتی یا بەلێندەرایەتی. یاخود لە رووی ئالوگۆڕکردنی دراوە وە.

هەروەها لەلایەکی ترەوەش نیشانەکان وا دێنە ئاراوە کە ئابووری عیراق بە گشتی وەکوردستان بە تایبەتی بەرەو بەهێزی بروات وە دراوی عیراقی بەهایەکەی بەرز بوونەوەیەك بە خۆوە ببینێ بەتایبەتی پاش رووخانی رژێم و لابردنی گەمارۆی ئابووری کە هەموو دەرگاکان والاّ دەبێت بۆ جموجۆلی بازرگانیەتی و دروست بوونی هەلی کارکردن و دووبارە بنیات نانەوە .

بۆیە لەبەر ئەم بیرو بۆچوونانەی کە لەسەر باری ئابووری عێراق هاتۆتە مەزەندە کردن کە زۆر لایەنی گـرتـۆتـەوە وەبـە پـێـی بەرژەوەنـدی بـۆچـوونەکـــان شـی کـراوەتەوە وە بـڕیـاری کـۆتـاییــش تا ئێسـتا نادیارە. . !!

بۆیەپێویستە ئێمەی گەلی کورد تایبەتمەندی ئابووری کوردستان بەهیز تر بکەین بۆ ئەوەی کاریگەرتر بێت لەسەر ئابووری عیراق وە بە رێگای ئەو تایبەتمەندییەش سوود ببەخشینە هەموو گەلانی عیراق بەتایبەتی لە ئایندەدا کە هەموو ئابووری ناوچەکانی تری عیراق تێکەلاوی ئابووری کوردستان دەبێت. .

ئێمە دەبیٚ ئابووری خۆمان بپارێزین وە لە هەمان کاتدا سوود لەم تێکەلاوییە ئابوورییە وەر بگرین. . تا بتوانین ببین بەهێزێکی ئابووریپتەولەگەل کۆمپانیا بیانییەکان هەماهەنگی بکەین. . چونکە ئەو سیاسەتە ئابوورییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەچاوی دە کرد لە ماوەی (١٢) سالّدا وە ئێستا دەیکات دەبیٚ ئەنجامەکانی لە دا هاتوودا بەهێزتر و سوود بەخشتر بێت. .

چونکە لە کاتێکدا پرۆژەکانی (٩٨٦) زۆربەیان وەستاون و لاوازن بەلام کەرتی تایبەت لە کوردستاندا لەگەل ئەگەری نزیك بوونەوەی شەری کەنداوی سیٚ یەم هەندیٚ لە کارەکانیان بەردەوامە. . . . ئەمەش نیشانەی بەهێزی کەرتی تایبەتە لە کوردستاندا راستە جمۆجۆلی بازرگانیەتی ئێستا لاواز بووە لەبەر بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی وە کوردستان بە تایبەتی... ... بەلام ئەگەر سنوور والا بێت بۆ بازرگانیەتی وە ئەگەری شەرەکەش یەك لا بیٞتەوە... ئەوا جمو جۆلی بازرگانیەتی وەکو جاران بەتین دەبێت و بازاری کوردستان ئاوەدان دەبێتەوە.

**نەوزاد رەجەب بۆتانی**

**نەقیبی**

**سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت